# خـــۆكـوشــتن

**مستەفا چوارتایی**
chuartaiy@gmail.com



ئەوەی لە مەرگ دەترسێ
لە ژیان نەگەیشتووە
نازانێ پشوودان چییە
هەموو تەمەنی ماندووە

نە لەژیندا
ئاسوودەیە
نە پەندێکی وەرگرتووە
نە بەهای بەرزی زانیوە
نە فەلسەفەیەک فێر بووە

هەر رادەکا و
هەڵپەیەتی
ماڵی پڕە
خۆی بەتاڵە
بەرژەوەندی هاوڕێیەتی
دەوڵەمەندی بەرگ شڕە
جێگەی بەزەیی مناڵە

سەیرە بۆ ژینێکی کاتی
پەنا ببرێتە بەر
درۆ
نەک هەر ئەوە
خەڵەتاندن، خۆسووک کردن، دزی و کوشتن
تا کەڵەکە بێت داهاتی

هەر چەند دەفتەری تەمەنم
دەخوێنمەوە
بە دەیان جار

مەرگم دیوە
من بەرەوە رووی ئەو رۆیشتووم
ئەو رێگاکەی
خۆی گۆڕیوە

ئەوەی کە دڵ پڕ هیوایە
مەرگ زوو ئێخەی پێ دەگرێ
ئەوەش لە ژین بێ هیوایە
بە گومانە لەوەی بمرێ

خەریکە ئەندێشە و خەیاڵ
وام لێ دەکا
بفڕم بەباڵ
بۆ بۆشایی
بۆ ژیانی
دەرەوەی ژینی ئاسایی
بۆ رزگاربوون
لە نامۆیی و
لە تەنیایی

ئیزرائیلی چارەگران
جاران زوو خۆت نیشان دەدام
ئێستە
نایەیتە سەر رێگەم
چاوەڕوانی وەک ئەرستو
خۆم پێکێکی ژەهر تێکەم؟

ئەمجارە من
خۆم دێمە لات
تا نەمکوژی ناڕۆمەوە
تۆ پێکی رۆحی من فڕکە و
من پێکی خەوی یەکجاری
دەخۆمەوە

ئەڵمانیا ـ کوێلن ـ 01-10-2006